**بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا (١٤)**

ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

# بۆکان لە کتێبی (خاطرات زندگی پر ماجرای دکتر آسو)

## نووسەر: قادر مەحموودزادە (دوکتور ئاسۆ)




**تەبعید**

سەرەتاکانی پایزێ بە دەهۆی سەمیعیی بەدکار لە ورمێوە ئەمر هات کە من گوێزراومەوە بۆ بۆکان . لەعنەت لە تۆ سەمیعیی مەلعوونی بەرتیل خۆر . زرەبەکە تاقەت پرووکێن بوو. لە ماوەی دووڕۆژدا حوکمی گواستنەوەم وەرگرت و دەگەڵ ڕەعنا خانم و منداڵێکی ورد و دوو خوشکم ، خورشید و ئێران چووینە بۆکان. ژوورێکمان لە ماڵێک لە سەر حەوزی بۆکان لە وەستا رەشیدی کەوش فرۆش بە مانگێ ١٥ تمەن بەکرێ گرت. وەتاغێکی چکۆڵە لە سەرێ و لە بنەوەشیدا ژوورێک بۆ کۆکردنەوەی دار و چرپی بۆ زستانێ و متبەخێکی بەرتەنگ , بە حوقووقی ١٥٠ تمەن لە بۆکان گیرساینەوە. چوومە مەدرەسەی قەڵا و خۆم بە مودیری مەدرەسە و رەئیسی فەرهەنگی بۆکان ئاغای سولەیمانی ئەمیری کە پیاوێکی یەگجار شەریف و بەخشەندە و خۆشەویست بوو ناساند. هاوسەرەکەی (زیباخانم) خوشکی دۆستێکم (سوڵتاناغای شێخاغایی ) بوو. زۆر بە گەرمی وەریان گرتم و چەند رۆژ لە ماڵی وان میوان بووین تا ماڵمان بەکرێ گرت. ئاغای مەلا عەوڵای فازلیش (لە موعەلیمان و خەت خۆشانی مهابادیش) هەر لەوێ بوو. لە شاری بۆکان بۆ هەوەڵ جار بوومە ساحەب ماڵ و سەرپەرستی ژن و منداڵ و هەردوو خوشکم کە لە کلاسی سێهەم و چوارمی سەرەتاییدا دەیانخوێند . دوای ماوەیەک مەحموودی برام کە لە سەربازی بوو گوێزراوە بۆکان و لەگەڵ ئێمە کەوت. لە بۆکان ژیانێکی ئارام و بێ کێشەم هەبوو و بە هەولێکی بێوچان خەریکی دەرس کوتنەوە بە کەلاسەکانی ئەوەڵ و دووەمی دەبیرستانی مەدرەسەی قەڵا بووم. کوتنەوەی دەرسی شیمی و ئینگلیسی و ئەدەبییات لە ئەستۆی من بوو. شاگردە دەبیرستانی و پۆلە سەرەتاییەکان زۆریان خۆش دەویستم و بۆخۆم و ژن ومنداڵەکەم کە لە بۆکان ناسراین زۆریان رێز بۆ دادەناین. . دەرسی خوسووسیشم دەکوتەوە کە مانگانە جیا لە مووچە ١٥٠ تمەنیەکم نزیک ١٠٠ تمەنیشم لە دەرسی خوسووسی پەیدا دەکرد و لە سەریەک ژیانی خۆم و خێزانەکەم پێ دابین دەکرد. بێجگە لە خۆم لە هاوشاری و هاوکلاسەکانی خۆم ئاغایانی ئەحمەدی فاتحی کە وەزیفەی سەرباز وەرگرتنی لە ئەستۆبوو و داهاتی باشی هەبوو و ئاغای ئەحمەدی خاتەمیش کە لەلایەن ئیدارەی سجیلەوە خرابووە بەر کار و بە شناسنامەی ئەوانەی مەشموول بوون رادەگەیشت و داهاتی باشی هەبوو. ماڵی ئەو دووکەسە هەمیشە پڕبوو لەوکەسانەی کە بە جۆرێک بە مەسەلەی شناسنامە و سەربازییەوە مەشغووڵ بوون. ئەوان لە کارەکەی خۆیاندا ماهیر بوون و خەڵک ئێرەییان بە داهاتەکەیان دەبرد و باسیان دەکردن. کەسێکی دیکە لە خەڵکی ئەوشارە ئاغای حوسێنی فاتحی مودیری تەنیا موسافیرخانەی ئەوشارە بوو کە لە نزیک گاراژ هەڵکەوتبوو. قاوەخانە و میوانخانەکە لە حەوشەی گاراژەکەدابوو و موسافیرەکان دەچوون و دەهاتن. ناوبراو پیاوێکی باش و خۆشەویست بوو . یەک لە براکانی زاوای رەسووڵی ئەفخەمی بوو کە لەگەڵ ئێمە خزمایەتیمان هەبوو بۆیە بەو هۆیەوە و هەروەها کەمێکیش هاوعەقیدە بووین پێکەوە دەگونجاین و دۆستایەتیمان هەبوو. جیرانێکیشمان هەبوو گەنجێکی کورتەباڵا و شیرن بەیان نێوی ئاغای عەلی حەڵەبی بووکاری توجارەتی دەکرد. خوێندکارانی دەبیرستانی بۆکان لە دووچینی جیاواز پێک هاتبوون . کوڕەکانی بنەماڵەی ئێلخانیزادەکان کە خاوەن ملکی بۆکان و دەوروبەر بوون. غورروری فیئوداڵی و سەرەڕۆییان پێوە دیار بوو. باقی خوێندکارەکان لە توێژی رەعیەت بوون و خۆیان کەمێک بە کەمتر دەدیت. ئەو ئاغازادانە زۆریان رێز بۆ من دادەنا و ئێزهاری ئیرادەتیان دەکرد و هەمیشە قەولیان دەدا بەو زووانە ئەمن و چەند موعەلیمی دیکە بۆ ئاوایی حەمامیان کە شوێنی ژیانی رەئیسی بنەماڵە بوو دەعوەت دەکەن. شەش مانگ کە لەوێ مامەوە پاروە نانێکی ئەوانم تام نەکرد و کیلۆ ماستێکی ئەوانم نەدیت. هەرچەند ئەو ساڵە قاتی و قڕی بوو و خەڵکێکی زۆر لە ئازەربیەکانی ئازەربایجان لەبەر بێ ئەنوایی هاتبوونە کوردستان و لە پەنای گەورە پیاوانی وەک هێمن

شاعیری بە ناوبانگی کورد وچانیان دابوو و لە مەرگی حەتمی نەجاتیان بوو. کارەساتێکی نەتەوەیی بوو کە دەوڵەتی شا غافڵ لەو بەدبەختییە خەریکی خۆشگوزەرانی خۆیان بوون و خۆراکی جۆراوجۆر و تانانەت ئاشپەزیان لە فەڕانسەڕا دێنا. دوای سێ مانگ کارکردن توانیم رادیۆیەکی ئاندریا کە بە باتری کاری دەکرد بکرم. رۆژێک لە رۆژەکانی مانگی ئابان کە هەوا زۆرخۆش بوو نامەیەکی بابمم بۆهات کە قەبزێکیشی تێدابوو بە نێوی مەلا باپیر نیشتەجێی ئاوایی پاشبلاغ کە چەند سال بوو پووتێک رۆنی زەنگ بە بابم قەرزدار بوو و دەبا ساڵی ١٣٢٤ دابایەوە بەڵام نەیدابۆوە و ئەگەریش رێی دەکەوتە مهاباد خۆی ئاشکرا نەدەکرد. ئەمن ئەوم بە پشتی کوورِ و چەنەی درێژی دەناسییەوە و لە بیرمە ئەو وەختی لە دووکان دەگەڵ بابم کارم دەکرد چەند جار بە دوایدا چووبوومە حەوشەی دوخانیات ، مەکۆی ئەو دێهاتیانەی توتنیان دەکرد ، دەیانکوت لێرە بووە بەڵام ئەمن چاوم پێی نەدەکەوت.

بابم لە نامەکەیدا نووسیبووی مەلا باپیر تا ئێستا قەرزی پووتە رۆنە زەنگەکەی نەداوەتەوە و پاشبلاغیش زۆر لە بۆکان دوور نییە ئەگەر بتوانی ئەورۆنە وسووڵ کەی بەشی زستانێتان دەکا و رۆن کە کالایەکی گرینگە و ئەتۆش عائیلەت زیادی کردووە دەبێتە فەرەجێک. ئەو ئیشارەی بابم کێچی دەکەوڵم کرد بەڵام رێگام پێ نەدەزانی . دەگەڵ ئاغای حوسێنی فاتحی راوێژم کرد کوتی واباشە رۆژی پێنج شەممە ئیزن وەرگری و منیش ماینێکت بۆ جێبە جێ دەکەم سواربە بە پرسیار کردن برۆ بەرەو بۆگەبەسی بۆ لای حەبیبوڵلا خان کە دۆست و هاوبیری خۆمانە لەوانەیە کەسێکت دەگەڵ بنێرێ . بڕیارم داو بەیانی زوو دوای خوداحافیزی لە رەعنا خانم و منداڵەکان بە ئومێدی وەرگرتنەوەی قەرزی کۆن لێی سواربووم. ماینەکە خۆش بەزبوو ترسی سەرما و بارینی بەفرم نەبوو و تا ئاوایی بۆگەبەسی هەر لە فکری ئەو پووتە رۆنە زنگەدابووم. گەیشتمە بۆگەبەسی. شوێنی ماڵی خاوەن ملک و میوانخانەی حەبیبەڵلا خانم پرسی ، دەروازەیەکی بڵیند یان پێشاندام کە ئەسپ و وشتر بە هاسانی پێیدا تێپەڕ دەبوون. چوومە حەوشە و لە ماینەکە دابەزیم و یەک لە نۆکەرەکانی حەبیبوڵلاخان بە بێ ئەوەی بمناسێ ماینی لێوەرگرتم و زینی لێکردەوە و بردیە تەویلە یەک کە چەند ئەسپ و ماینی دیکەی لێ بەسترابۆوە و تفاقی دەبەرکرد. حەبیبوڵلاخان میوانێکی زۆری بوو زیاتر لە سی نەفەر لە ئاغایانی بەگزادە دەگەڵ نۆکەرەکانیان لەوێ بوون نەمزانی چ باسە وا کۆبوونەوە پرسیم حەبیبوڵلاخان لەکوێیە ؟ پێشانیان دام و بۆخۆی بەرەو پیرم هات پیاوێکی جوان چاک و میانساڵو بە گوڕبوو. ئەمنی میوانی نەناسراو و بانگ نەکراوی هەروەک عادتی کوردانە بە گەرمی وەرگرت و بە خێراتنی کردم و ئەمنیش خۆم پێناساند ، لەئامێزی گرتم و ماچی کردم و کوتی ئاغای حوسێنی فاتحی زۆری تاریفی تۆ بۆ کردووم و ئارەزووی دیداری ئێوەم دەکرد کە خودای بانی سەر لە ماڵی خۆم ئەو ئارەزووەی بۆ دەستەبەر کردم . بردمیە دیوەخانەکە و وەلای سەرێی خستم . دوای خواردنەوەی چا شامیان هێنا. دوای خواردنی شام و کەمێک قسەی خۆش و شۆخیکردن مەجلیسی قوماریان دامەزراند ئەمنیش بۆوەی سەفەرەکەم بێ قیمەت نەکەم کوتم ئەرکێکی حیزبیم هەیە لە ئاوایی پاشبلاغو بە بەهانەی وەرگرتنی رۆن رووم لەو لایە کردووە تائەگەر گیرام قسەیەکم هەبێ کە گۆمانم لێنەکەن. باوەڕی کرد و کوتی هەرچیم لە دەست بێ کۆتایی ناکەم. ئیزنم لێ خواست لە شوێنێکی خەڵوەت بنووم و بحەسێمەوە بۆ وەی سبەینێ سەفەرەکەم ئیدامە بدەم و بۆ جومعە بگەڕێمەوە بۆکان. نوێنێکی خاوێنیان لە ژوورێکی ماڵەکە بۆ راخستم و و ئەمنیش هەر سەرم گەیشتە سەر باڵنج خەوم لێکەوت و گوێم لە هەرا و هۆریای قوماربازان نەبوو. سەعات سێی نیوە شەو یەک لە کاردارەکانی حەبیبوڵلاخان وەخەبەری هێنام و کوتی ئاغا دەعوەتی کردووی بۆ سەر سفرە ، ئەمن نەمزانی سەعات سێی بەیانی چ سفرەیەکە و چ دەعوەتێکە خۆم کۆ کردەوە و سەرورووی خۆم سەفادا و چوومە مەجلیسەکەوە . حەبیبوڵلا خان وەلای سەرووی مەجلیسی خستم و زۆری تاریف کردم و کوتی ئەوە یەک لەوانەیە شوورەوی دیوە کە تازە گەڕاوەتەوە و لە بۆکان دەبیری دەبیرستانە. هەموویان بە نیشانەی رێز و ئیحترام سەریان بۆ دانەواندم و ئەحواڵیان پرسیم و دەستیان کرد بە پرسیار کردن سەبارەرت بە شوورەوی و زۆر قسەی حیسابی و ناحیسابی هاتە گۆڕێ. لە حەبیبوڵلاخانم پرسی ئەو سفرە و دەعوەتە بەو نیوە شەوە چییە؟ ئەویش پێکەنی و کوتی ئێمەی بەگزادە عادەتمان وایە دوای کۆکردنەوەی خەلە و خەرمان لە پایزدا ، زستانان ئەغلەب شەوەکان لە جێگایەک میوان دەبین و تا درەنگانی شەو جۆرابێن و قومار دەکەین و سەعات سێ و چواری بەیانی بە قووقەی کەڵەبابی سەحەری لە سەر سفرە دادەنیشین و شیشلیکی سینگی قەلەموونەمان بۆ دروست دەکەن، دەیخۆین و نوێژی بەیانی دەکەین و کەرەبەیانی ئەگەر هەوا خۆش بێ دەچینە راو تا ئێوارێ ، ئەوە عادەتی لە مێژینەی ئێمەیە پێت سەیر نەبێ. بەڵێ دوای خواردنی شیشلیک نوێژی بەیانییان خوێند و تا وایان کرد رۆژ رووناکیدا و ئەمنیش رەجام لە حەبیبوڵلا خان کرد دەستوور بدا ماینەکەم بۆ ئامادە بکەن با وەرێکەوم. ئەمری کرد ماین و ئازووخە ساز کراو و یەک لە نۆکەرەکانی باوەفای خۆی بە نێوی خدر دەگەڵم کەوت . لە سەر رێگای پاشبلاغ گەیشتینە مەزارێک ، خدر

کوتی ئەوە قەبری کوڕی مەلامارفی کۆکەیی شاعیری بە ناوبانگە . کوتی ئەو کوڕە لە داخی زوڵم و ستەمی دەوڵەت دەگەڵ چەند کەسی دیکە دەستی دا تفەنگ و بە گژ دەوڵەتدا چۆوە و شەش مانگ ئەو ناچەیەی لە ژێر چۆکی خۆی نا و لە کۆتایی دا بە دووزمانیی شۆفارێک دەداو کەوت و دوای شەڕێکی قورس دەگەڵ ئەمنیە و کوشتنی چەند ئەمنیە بۆخۆشی کوژرا و و بۆ ترساندنی خەڵکی لە قەراغ ئەو ڕێگایە بە خاکیان ئەسپاردووە.

سەعاتی ١١ گەیشتینە پاشبڵاغ و ماڵی مەلاباپیرمان دیتەوە و کاتێک لێی وەژوور کەوتین لە نزیک تەندوور لێی دانیشتبوو و تەسبێحێکی درێژی بە دەستەوە بوو. سڵاومان لێکرد و ئەحوالمان پرسی. ئەو ناسیمییەوە و ئەمنیش مەبەستی هاتنەکەمم پێکوت. کوتی وایە پوتێک رۆن بە میرزا مستەفا قەرزدارم ئەمما ئێستا رۆنم نییە. دوای کەمێک قسەکردن براچکۆڵەکەی هاتە ژووریّ وبە گرژی کوتی ئێمە هیچمان نییە بیدەین بە تۆ ، لێگەڕێ میرزا مستەفا ئەو رۆنە یا وەک زەکات یا سەدەقە بیبەخشێ بە مەلاباپیر. ئەمنیش گوتم:

سەنەدی موعتەبەرم پێیە ئەگەر رۆنەکەم نە دەیەی ئەوە لە خێرویێری ئەو رۆنە دەگوزەرێم بەڵام خەبەر بە ئەمنیە دەدەم و کێشەکە دەدەمە دەست ئەوان کە دووبەرابەری رۆنەکە لە ئێوەی پیاوی دەغەڵ دەستێنن. کاتێک مەلا باپیر و براکەی ئەویان بیست نەرم بوون و دەستیان کرد بە پاڕانەوە. خولاسە دوای قسەوباسێکی زۆر لەسەر چوار کیلۆ رۆن رێک کەوتین بۆیان لە زەرفێک کردم و ئەمنیش سەنەدەکەم بە مەلا باپیر و برا یێ چاووڕووەکەی دا و پاشبڵاغم بەرەو بۆکان بە جێهێشت. لە بۆگەبەسی ماڵئاواییم لە خدر کرد و سڵاو و پێزانینێکی زۆرم بۆ حەبیبوڵلاخان نارد چونکە بۆخۆی لە ماڵ نەبوو. بەتەنێ بە هیوای بەڵەد بوونی ماینەکە رێگام داگرت. دوای سەعاتە رێیەک هەوا تاریک بوو چاو چاوی نەدەدیت. ئەمن هەوساری ماینم شل کردبوو بەهیوای خودا و شعووری ماینەکە خۆم ئەسپاردبوو. زیاتر لە سێ سەعات ماین لەو تاریکاییەدا بەرێوە بوو تا لە دوورەوە چرای کزی شاری بۆکانمان لێ وەدەرکەوت.

ماین بە ئارامی تا بەردەرکی ئاغای حوسێنی فاتحی رۆیشت ، لەوێ ئەمن دابەزیم و لە دەرگام دا و هەرای کاک حوسێنم کرد ئەویش لە ماڵ هاتەدەر و جڵەوی ماینەکەی گرت . زۆرم سپاس کرد . ماندوو بووم کوتم سبەینێ ئێوارێ هەموو شتت بۆ دەگێڕمەوە. ئێستا دەبێ بچمەوە ماڵ چونکە رەعنا خانم و منداڵەکان نیگەران دەبن بە پەلە چوار کیلۆ رۆنەکەم لە خورجینەکە هێنا دەرێ و بە نهێنی هاتمەوە حەوشی ماڵێ . دەرگا ئاواڵە بوو و جیرانەکان لە هاتووچۆ دابوون. چوومە سەرێ و دەرکی ژووری خۆمانم کردەوە دیتم رەعنا خانم نیگەران و چاوەڕێمە. زەرفی رۆنەکەم لە گۆشەیەکی وەتاغەکە دانا و چاوم لە منداڵەکان کرد هەموویا نوستبوون. بۆ سبەینێ کە چوومە مەدرەسە کەس بە سەفەری نهێنی منی نەزانیبوو .

دوای ماوەیەک نامەیەکی نهێنی لە مهابادەوە گەیشتبووە دەستی رەئیسی فەرهەنگی بۆکان ئاغای ئەمیری کە بە بۆنەی کەشفی حیجاب کۆبوونەوەیەک لە حەوشەی مەدرەسە دابنێن و ئەمنیش سوخەنڕانی تێدا بکەم و تاریفی شاو رێژیمەکەی بکەم ، شتێک کە دەگەڵ جەوهەر و باوەڕی من نەدەگونجا نوێنەرێکیش لە لایان سەمیعیەوە هاتبوو کە گوێ بداتە نوتقی من . چاوم لە خەڵکەکە کرد و سەحنەکەم هەڵسەنگاند بۆنی فرت و فێڵی سەمیعی دەهات بۆیە پێموابوو وا قسە بکەم نە تاریفی شای تێدا بێ و نە بکەومە نێو داوی سەمیعیەوە لە بەر ئەوە لە دەورانی پێش مێژووەوە دەستم پێکرد تا رسکانی عێلەکان و تا پادشاکان و دەورانی کەوناران درێژم کردەوە وبۆ ماوەی سەعاتێک وام قسەی دژبەیەک لێک گرێدا بەڕاستی کەسم لێ تێنەگەیشت . کۆبوونەوە تەواو بوو و نوێنەری تایبەتیش زۆرم لێ حاڵی نەبوو و گەڕاوە بۆلای جەلالی سەمیعی.

زستانی ١٣٢٨ خۆش گوزەرا . بەفر کەم باری .هاتووچۆ رانەگیرا ، بۆنی بەهار وەبەر لووتی ئەویندارانی سروشت کەتبوو ئاغازادەکان قەولیاندا لە جێژنی نەورۆزی پڕ لە شکۆی ئەواندا بەشدار دەبم . ئێستا مانگی ئەسفەند تەواو نەببوو شەوێک خەونم دی ورچێک سواری سینگم بووە و خەریکە دەمخنکێنێ ئەمنیش لە هەوڵی ئەوەدام لە کۆڵ خۆمی کەمەوە لە ترسان لە خەو راپەڕیم و دامنابوو تەعبیری ئەو خەونە ناخۆشە لە چوونەوە بۆ مهاباد لە قازی کەریم بپرسم. سبەینێ کە هاتمەوە دەبیرستان پێش خزمەتەکە کوتی بچم بۆ لای ئاغای ئەمیری. کە چووم بۆ لای دیتم بەکەیف نییە نامەیەکی دادەستم کە خوێندمەوە دیتم بە دەهۆی سەمیعی لە بۆکانەوە بۆ ورمێ تەبعید کراوم و دەبێ تا چاردەی فەروەردین خۆم بە دەبیرستانی پەهلەویی ورمێ بناسێنم. ئەو خەبەرە لە نێو شاری بۆکان بڵاو بۆوە . دەورووبەرەکانم ترسان و دۆستان روویان لێوەرگێڕام. ئەوانەی تەعزیم و تەکریمیان دەکردم، هەر لە دووڕڕا منیان دەدەی پشتیان تێدەکردم و خۆیان لێ گێل دەکردم.

ئەمن خەریکی کۆکردنەوەی سڕوسیپاڵم بووم کە ماشێنی باریی میرزا باقی بابی ڕەعنا خانم بە بەتاڵی لە سەقزەوە دەڕۆیشت بەرەو میاندواو . تکام لێکرد نێوماڵەکە و ڕەعناخانم و منداڵەکان دەگەڵ خۆی بەرێتەوە مهاباد ئەویش قوبووڵیکرد و ئەوانی بردەوە مهاباد . ئەمن دوورۆژێک بۆ پاکانە حیساب و وەرگرتنی مووچە لە ماڵی بەتاڵدا مامەوە . ئاخرشەوی مانەوەم لە بۆکان ئاغای عەلی حەڵەبی بانگهێشتنی کردم و تا درەنگانی شەو لە ماڵی ئەوان بووم و هەرچەندی کوتیان شەوێ لە ماڵی ئەوان بنووم نەچوومە ژێربار و بەو شەوە سارد و مانگەشەوە هاتمەوە ماڵێ دیتم دەرگا داخراوە ، لە دەرکەم دا کەس لێی نەکردمەوە لە فکری خۆمدا کوتم جیرانەکان خەوتوون باش نییە وەخەبەریان بێنم باشترە بچمە لای دۆست و هاوشاریی لە مێژینەی خۆم و هەوەڵێ چوومە ماڵی میرزا ئەحمەدی خاتەمی کە لە بینایەکی کۆن دا بوو دوو ژوور لە دووڕڕا ڕووناک بوو لە دەرگام دا پیرێژنی خاوەن ماڵ دەرگای لێکردمەوە خۆم ناساند و کوتم بە میرزا ئەحمەد بڵێ دەمەوێ ئەو شۆ میوانی بم چونکە نێوماڵ و منداڵەکانم ناردۆتەوە مهاباد و ئەوشۆ جێگایەکم نییە. .لە ژوورەکانڕا دەنگەدەنگ دەهات و میرزا ئەحمەد باسی شناسنامەی بۆ دەکردن و دەیکوت نابێ ئاوابێ و دەبێ ئاوابێ . پیرێژن کە چوو هەموو بێدەنگ بوون و کە هاتەوە کوتی میرزائەحمەد لە ماڵ نییە و روون نییە ئەو شۆ دەگەرێتەوە یا نا؟ نائومێد و غەمبار بووم و داوای لێبووردن لەو خانمە پیرە کرد و دیتم ئەویش غەمبارە و لە بەر خۆیەوە بۆڵەبۆڵی دێ و کوتی ئەگەر هیچ جێگات نییە وەرە لە متبەخەکەی من بنوو. من ئەوکم گیرابوو هیچ وڵامم نەداوە و یەکسەر بەرەو ماڵی میرزا ئەحمەدی فاتحی چووم ناوبراو هاودەورەی دانشکەدەی من لە باکۆ بوو . ماڵەکەی ئێستای حەوشەی نەبوو و بینایەکی دوو مەرتەبە بوو کە ئەو لە تەبەقەی سەرێدا دەژیا دەبوو لە چەند پلیکانی خشتی وەسەر کەوم و پەنجەرەی ماڵەکەم لێدا دەنگە دەنگی میرزائەحمەد و ئەوانی دیکەم گوێ لێدەبوو کە خەرێکی باس و خواسی مەشموولەکان بوون . پێش خزمەتەکەی دەرکەی کردووە و ناسیمی و پرسی ئەمرێکت هەیە ؟ ئەمنیش وەزعی خۆم پێکوت و کوتم ئەو شەو دەمەوێ لێرە بخەوم . کوتی بە چاوان دوای دە پازدە دەقیقە غەمگین و شێواو گەڕاوە وکوتی : ئاغای موعەلیم ببوورە میرزا ئەحمەد لە ماڵ نییە و دەرکەی لە سەر داخستم گەڕامەو و چوومە میوانخانەی میرزا حوسێنی فاتحی لە گاراژەکە و هەرچەندی لە دەرگام دا پێش خزمەتی ئەفیونی وتریاکی ناوبراو دەرگای نەکردەوە . هەموو جێگایەک چۆڵ و هۆڵ بوو چارەم نەبوو لە کووچە و کۆڵانی بۆکاندا لەگەڵ سەگە بەڕەڵاکان خەریکی پیاسە بووم و چاوم لە مانگ و ئەستێرەی بەهار دەکرد و بیرم لە داهاتووی نادیاری خۆم دەکردەوە و دڵم تەنگ بوو. کەسێکم نەبوو چەند سەعاتێک پەنام بدا. بیرم لە خەونە ناخۆشەکە و ورچە ڕەشەکە دەکردەوە. هەر بەیان شەبەقیدا چوومەوە میوانخانەکەی حوسێنی فاتحی دوای نیو سەعات لە دەرکەدان پێش خزمەتە تریاکیەکە بە چاوی هەڵمساوەوە دەرگای کردەوە و بۆخۆی چۆوە ژوورێ و منیش چووم لە سەر نیمکەتێک خەوم لێکەوت. نازانم جەندە نوستبووم کە دەستێکیان لە سەر شانم دانا. ڕاچڵەکیم دیتم ئاغای حوسێنی فاتحی مودیری میوانخانەکە لە لام ڕاوستاوە. هەموو شتم بۆ گێڕاوە. زۆر نارەحەت بوو لەوەی نەچووبوومەوە ماڵی ئەو. دوای خواردنی بەرچا ئاغای حوسێنی فاتحی بە خەرجی خۆی بە هەوەڵین ئوتوبووسی بۆکان/ میاندواو لەگەڵ ئاغای مارفی فتووحی ڕەوانەی میاندواوی کردین . ئاغای فتووحی لە بۆکان موعەلیمی سەرەتایی بوو و دووربینێکی وێنە کێشانی پێبوو. لە میاندواو دابەزین و چووینە گاراج ئێستا ماشێنی مهاباد نەهاتبوو بۆیە لە خەیابان دەستمان کرد بە قەدەم لێدان ، ژمارەیەک لە گەداکانی شار لە نزیک شارداری کۆ ببوونەوە و خەریک نان خواردن بوون . داوام لە ئاغای فتووحی کرد وێنەیەکیان لێ هەڵگرێ . تا ئەو خەریکی میزانکردنی دووربینەکەی بوو ئاژانێکمان لێ پەیدابوو و دوربینەکەی لە دەست ئاغای فتووحی دەرهێنا و لە ڕاوێژی زارێڕا زانی کە خەڵکی ئەوێ نییە و تورک نییە ، جەلبی کرد و بردی بۆ شارەبانی و ئەمنیش وەدوایان کەوتم . کە چووم دیتم فشاریان بۆ ئاغای فتووحی هێناوە و تاوانباری دەکەن کە جاسووسە و ئەو وێنەیە بۆ رووسان دەنێرێ. فیلمەکەیان دەرهێنا و دایانە بەر ڕۆشنایی کە باتڵ بێتەوە . ئەمن بە ئارامی و لەسەرەخۆ چوومە ژوورێ و سڵاوێکی ئاورینم لە جەناب سەروان کرد و دەستم ڕاداشت و ئەویش هەستا و دەستی دەگەڵ لێدامەوە و ئەمنیش قسەی خۆم وەپێش خست و کوتم جەناب سەروان ئەو ئاغایە موعەلیمێکی بەرێزە کەلە بۆکانەوە دەچێتە مهاباد شادۆست و وڵاتپارێزە و خزمەت بە کەسانی بێ ئەنوادەکا . ئەو دەیویست وێنەیان لێ هەڵگرێ و پارەیان بداتێ و هیچ مەبەستی خراپی نەبوو. قسەکانم وەبەردڵی جەناب سەروان کەوت و نەیزانی ئەمن کێم و بۆ داکۆکی لە ئاغای فتووحی دەکەم و نەشی پرسی . دووربینەکەیان داینەوە و داوای لێبووردنیان لە ئاغای فتووحی کرد و میاندواومان بە جێ هێشت. دوای ١٠ ڕۆژ حەسانەوە لەگەڵ ئاغای مستەفای موئمنی کە ئەویش تەبعید کرابوو بەرەو ورمێ وەرێکەوتین.

تێبینی: ئەم بابەتە لە فارسیەوە کراوەتە کوردی